JOBS
مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

العدد الحادي عشر
(٤٣٥)- (٤٥٤)

# دور الإربيلين في الوظائف الإدارية في بلاد الشام ومصر خلال القرون (٧-٩ هـ/ ١٣-١٥م)

سمير عبدالرزاق إسماعيل    أ. د. خطاب إسماعيل أحمد
كلية فاكلتى العلوم الإنسانية، جامعة زاخو، زاخو، إقليم كوردستان – العراق
khatab.ahmed@uoz.edu.krd    samirrazaq1990@gmail.com

**الملخص:**

يدرس هذا البحث عن الإربيليين و الذين يقعون ضمن الحدود الجغرافية أربيل مثل: الهذبانيين والزرزاريين والخلكانيين والإختائيين، و اسباب هجرة هؤلاء الأشخاص الى بلاد الشام و مصر، ويعرض هوية هؤلاء الأشخاص ودورهم في الوظائف الإدارية في تلك البلدان. تم إنجاز هذا العمل بالرجوع إلى العديد من الكتب التاريخية التراجم والكتب المتعلقة بالتعريفات. قسمت هذا الدراسة مقدمة و ثلاثة فصول، فضلاً عن النتائج والقائمة المصادر و المراجع، يتضمن **الفصل الأول** التسمية و الجغرافية إربل، و **الفصل الثاني** سيرتكز على أسباب هجرة الإربليين الى بلاد الشام و مصر، مثل اسباب العلمية و الإقتصادية و الأسباب الأخرى، و أيضا يتضمن **الفصل الثالث** دور الإربليين في الوظائف الإدارية في بلاد الشام و مصر خلال القرون (٧- ٩هـ/ ١٣- ١٥م).

الكلمات الدالة: دور ، الإربليين، الإداري، شام، مصر .

# The role of the Erbilians in administrative positions in the Levant and Egypt during the 7th- 9th AH / 13th -15th AD centuries

Sameer Abdulrazaq Ismael    Dr. Khatab Ismael Ahmad
History department, Faculty of Humanities, University of Zakho, Zakho, Kurdistan region- Iraq.
khatab.ahmed@uoz.edu.krd    samirrazaq1990@gmail.com

**Abstract:**

This research studies the Erbilis who are located within the geographical borders of Erbilians, such as: Al-Hadhbani, Al-Zarzarite, Khalkany and Al-Ikhnaiy. And the reasons for the migration of these people to the Levant and Egypt, and presents the identity of these people and their role in the administrative functions in those countries. This work was done with reference to several historical books, biography and definitions books. This study is divided into an introduction and three chapters, as well as results and a list of references. The **first chapter** includes the naming and geography of Erbil, and the **second chapter** will focus on the reasons for the migration of Erbilians to the Levant and Egypt, such as scientific, economic, and other reasons, and also the **third chapter** includes the role of Erbilians in administrative jobs in the Levant and Egypt during (7-9thA.H./13-15thA.D.) Centuries.

Keywords: Role,Erbilians, administrative, Leavant , Eygpt.

## ڕۆلی ئەربلیەکان لە پۆستە کارگێڕیەکانی وەڵاتی شام و میسر لە چەرخەکانی (٧- ٩ك/ ١٣- ١٥ز)

سمیر عبدالرزاق إسماعیل أ.د خطاب إسماعیل أحمد
بەشی مێژوو، فاکولتی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی زاخۆ، زاخۆ، هەرێمی کورستان، عێراق
khatab.ahmed@uoz.edu.krd samirrazaq1990@gmail.com

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لە ئەربلی و کەسەکانی کە دەکەونە سنوری جوگرافیای ئەربل وەك: هەزبانی، زرزاری، خەلەکانی وئیخنائی دەکۆڵێتەوە و ناسینی ئەم کەسانە و ڕۆلیان لە پۆستە کارگێڕیەکان لە وەڵاتی شام و میسر لە ماوەی چەرخەکانی (٧- ٩ك/ ١٣- ١٥ز) دەخاتە ڕو. ئەم کارەش بە گەڕانەوە بۆ چەندین پەرتووکی مێژوویی و ژیانی کەسایەتیەکان (التراجم) و پەرتووکی پێناسەکان ئەنجامدراوە. ئەم توێژینەوەیە بە سەر پێشەکی و سێ بەشدا دابەشکراوە، ئەمە جگە لە ئەنجام لیستی سەرچاوەکان: **بەشی یەکەم** باس لە ناو و جوگرافیای ئەربل دەکات، **بەشی دووەمیش** هۆکارەکانی کۆچکردنی ئەربلیەکان لە لایەنی ئابوری و زانستی و هی تر بۆ وەڵاتی شام و میسر، لە خۆ دەگرێت، **بەشی سێیەمیش** باس لە ڕۆلی ئەربلیەکان لە پۆستە کارگێڕیەکانی وەڵاتی شام و میسر لە ماوەی چەرخەکانی (٧- ٩ك/ ١٣- ١٥ز) دەکات.

وشە سەرەکیەکان: *ڕۆلی، ئەربلیەکان، کاگێری، شام، میسر.*

JOBS
مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

**پێشەكی:**

شاری ئەربل یەكێكە لە شارە گرنگەكان چ لە سەردەمی پێش ئیسلام یانیش لە سەردەمە جیاوازەكانی ئیسلامدا و بە تایبەت لە سەردەمی ئەتابەكیەكان[1](٥٥٨– ٦٣٠ك/ ١١٦٣ – ١٢٣٣ز)، لەبەر ئەوەش بە پێویستمان زانی كە لە سەر ئەربل و لایەنی زانستی ئەم شارە و كەسایەتیەكانی ئەم شارە كە بەرەو وەلاتی شام و میسر كۆچیان كردووە، و لە چەرخەكانی (٧- ٩ك/ ١٣/ ١٥ز) لەوێ لە پۆستە كارگێریەكان خزمەتیان كردووە بنووسین، چونكە ئەو ئەربلیانە بوونەتە بەشێك لە مێژوو و پێشكەوتنەكانی وەڵاتانی ناوبراو.

گرنگی ئەم بابەتەش لەوەدایە كە هەر لەگەڵ نووسین لەسەر ڕۆڵی ئەربلیەكان لە پۆستە كارگێریەكان لە وەڵاتی شام و میسر لە چەرخەكانی (٧- ٩ك/ ١٣- ١٥ز)، پێویست دەكات كە باس لە لایەنی جوگرافی و مێژوویی و كەسە دەستهەلاتدارەكانی شاری ئەربل، و سەردەمی زێڕینی ئەم شارە، و چۆنیەتی هاتنی مەغولەكان بكەین بەرەو ئەو شارە و بەغدا، و پێویستە باس لەوەش بكرێت كە دڵنێین ئەربلیەكان ئەوا كەسەكانی ناو شاری ئەربل و دەڤەرەكانی سەر بە ئەربلیش دەگرێتەوە.

هۆكاری هەڵبژاردنمان بۆ ئەم بابەتە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی كە لە سەر ئەم بابەتە و بە تایبەتی لە ژێر ئەم ناونیشانە نەنووسراوە، و ئەم بابەتە بەشێكە لە مێژووی كورد، لەبەر ئەوە ئارەزووی ئەومان كرد كە لەسەر ئەم بابەتە بنووسین و تێگەیشتن و زانیاریمان دەربارەی ئەم بابەتە هەبێت.

سەبارەت بە خوێندنەوەكانی پێشووتر لە سەر بابەت هیچ پەرتووك و توێژینەوەیەك نیە كە بەشێوەیەكی ١٠٠% بە ناوی ڕۆڵی ئەربلیەكان بێت، بەڵام هەندێ پەرتووك هەن كە باس لە ڕۆڵی زانا و كەسایەتیە كوردەكان دەكەن لە شارستانیەتی ئیسلام و وەلاتانی شام و میسر، كە لە ناوەرۆكی ئەمانەشدا ناوی هەندێ لە ئەربلیەكان هاتووە، وەك: پەرتووكی (اسهامات الكرد في الحضارة الاسلامية دراسة عن دور الكرد الحضاري في مصر و بلاد الشام خلال عهد المماليك البحرية (٦٤٨– ٧٨٤هـ/ ١٢٥٠– ١٣٨٢م)) ی (قادر محمد حسن) و (دور الكورد الحضاري في مصر و بلاد الشام خلال عهد المماليك الجراكسة) ی (كامل أسود قادر) هتد.

ئەم توێژینەوەیە بە سەر پێشەكی و سێ بەش دابەشكراوە ئەوانیش: **بەشی یەكەم:** ناو و جوگرافیای ئەربل، **بەشی دووەم:** هۆكارەكانی كۆچكردنی ئەربلیەكان بۆ وەڵاتانی شام و میسر، **بەشی سێیەم:** ڕۆلی ئەربلیەكان لە پۆستە كارگێریەكان لە وەڵاتی شام و میسر لە چەرخەكانی (٧- ٩ك/ ١٣- ١٥ز)، ئەمە جگە لە دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەكان.

لەم توێژینەوەیەدا هەندێ سەرچاوەی سەرەكی و لاوەكی بەكارهێنراون، لەوانیش سەرچاوە سەرەكیەكانی وەك: پەرتووكی (معجم البلدان) ی (ياقوت الحموي) و (تاريخ الإسلام و وفيات المشاهير و الأعلام) ی (الذهبي)، (الوافي بالوفيات) ی (الصفدي) و (الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة) ی (ابن حجر العسقلاني)، ئەمە جگە لە سەرچاوە لاوەكیەكانی وەك: پەرتووكی (اسهامات الكرد في الحضارة الاسلامية دراسة عن دور الكرد الحضاري في مصر و بلاد الشام خلال عهد المماليك البحرية (٦٤٨– ٧٨٤هـ/ ١٢٥٠– ١٣٨٢م)) ی (قادر محمد حسن) و (دور الكورد الحضاري في مصر و بلاد الشام خلال عهد دولة المماليك الجراكسة) ی (كامل أسود قادر) و

---

[1] **ئەتابەك:** ئەتابەك لە دوو وشەی توركی پێكهاتووە ئەوانیش: ئەتا بە واتای باوك، و بەك بە واتای میر دێت واتا میری باوك، یەكەمین كەسیش كە بەم نازناوە بانگكراوە نیزام مولكی وەزیری مەلیكشاە بوو (القلقشندی، د/ ت، ج٦، ص٣؛ خليل، ١٩٨٥م، ص٢٢٦).

JOBS
مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

(إسهامات العلماء الأكراد في بناء الحضارة الإسلامية خلال القرنين السابع و الثامن الهجريين (١٣-١٤م)) ى (تريفة أحمد عثمان البرزنجي)، و هتد.

لەوانەیە ئەنجامدانی هەر کارێك بەربەست و ئاستەنگی تێکەوێت، ئیمەش تا ڕادەیەك تووشی ئەو بەربەست و ئاستەنگانە بووین، کەمی کات و پەلەکردن لە نووسینی بابەت، یەکێکن لە ئاستەنگەکان لەگەل هەندێ ئاستەنگی تر.

**بەشی یەکەم: ناو و جوگرافیای ئەربل:**

(إربل) "بالكسر ثم بالسكون و باء موحدة مكسورة، و لام بوزن إثمد، ولا يجوز فتح الهمزة لأنه ليس في اوزانهم مثل أفعل"، (الأصمعي) دەڵێت: (الربل) جورێکە لە دار، کە دەبێتە وەرزی زستان و کە گەرمای هاوین نامێنێت ئەوا گەڵا سەوزەکانی ئەم دارە دەپوکێن و دەکرێنەوە، هەر لە بارەی ناوی ئەربلەوە دەووترێت ڕەنگە لە (ربل) موە هاتبێت واتا تەڕی کە لە دوای باران بارین زەوی تەڕ دەبێت (تربلت الأرض) کە لەوانەیە وشەی (إربل) لە (ربل) موە هاتبێت (ياقوت الحموي، ١٩٩٥م، ج١، ص١٣٧)، ئەربل شارێکی گەورەیە لە بۆشایی ئاسمانی زەوییەکی فراوان، خاوەن قەڵایەکی تۆکمەیە، و خاوەن خەندەقێکی زۆر قوڵە لە لایەکی شارەکەوە، ئەم شارە لە سەر گردێکی بەرزی پێکهاتوو لە خۆڵ بنیاتنراوە، و ماڵ و بازار و شتی تری لێ هەیە (القطيعي البغدادي، ١٩٩٢م، ج١، ص٥١).

ئەربل ناوێکی کۆنە، و لە زۆر پەرتووکی مێژوویی و لە سەردەمی جیاوازدا هاتووە، بەڵام گرنگترین و کۆنترینیان کە باسی ئەربلی کردبێت، پەرتووکی شولکی (٢٠٩٣- ٢٠٤٦پ.ز) پاشای سۆمەرییەکانە (٣٧٠٠- ٢٣٥٠پ.ز)، کە نزیکەی ساڵی (٢٠٠٠پ.ز) بە شێوەی ئووربیلم هاتووە، هەروەها لە ئیمپراتوریەتی ئوری سێیەمیش (٢١١٣- ٢٠٠٦پ.ز) بە ئەربیلم هاتووە (باقر، ١٩٦٦م، ص٣)، هەروەها لە نووسینە بزمارییەکانی بابلیە ئاشورییەکانیش (١٨٩٥- ١٥٩٥پ. ز) بە ناوی ئەربائیلۆ هاتووە (الحسيني، ١٩٥٨م، ص٢٣٧)، ئەربل یەکێك بووە لە سەنتەرە کرنگەکانی ئاشوری (٢٦٠٠- ٦١٢پ.ز) ، لەبەر ئەوەی کە سەنحاریب (٧٠٥– ٦٧١پ.ز) پرۆژەیەکی تایبەتی بۆ ئەربل دروست کردووە، هەر وەك ئەوەی کە لە نەینەوا کردوویەتی، ئەویش ڕاکێشانی ئاو بوو لە دۆلی بەستورە بۆ ئەربل(باقر، ١٩٦٦م، ص٣)، و ئەمە سەرەڕای هەبوونی پەرستگای خوداوەندی عەشتار لەم شارە (جميل، ١٩٦٩م، مج٢٥ ج١-٢، ص٣٤٢) هەروەها لە داتاشراو و نەخشی فارسیە کۆنەکانیش کە بە نووسینی بزماری نووسراوە، بە ئەربیرا هاتووە (شترك، مادة إربل، د/ ت، مج٢، ص٥١٦)، لە ناوەکانی ئەربل: هاربیل، ئۆرویل، هارویل، ئەربیلا، ئەربیلیس، ئەربێرا و هاولێر(بنكنغهام، ١٩٦٨م، ج١، ص١٤٧)، ئەم هەرێمە بە ئەربلیتس ناسراوە، لە بەر هەردوو زێ کە مەبەست لێی زێی گەورە و بچووکە، کە دەکەوێتە نێوان هەردووکیانەوە، و هەر لەبەر ئەمەشە بە ئەدیابین ناسراوە، یان لە لای خەلکی شامی کۆنەوە بە حەدیاب ناسرابوو کە دەکەوێتە باکوری وەڵاتی دووئاوان، ئەربل پایتەختی شانشینی حەدیابی ئارامیەکان بووە، کە ئەمانە سەردەمانێك (٧٣١- ٥٣٩پ.ز) لە ناوەڕاست و باکوری سوریا و بەشێك لە باکوری ڕۆژئاوای وەڵاتی دووئاوان دەستهەڵاتیان کردووە، (شترك، مادة إربل، د/ ت، مج٢، ص٥١٦؛ حسين، ٢٠١٤م، ص٣٤).

شاری ئەربێلا دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دیجلە، و لە نێو چیاکانی کوردستانە، و تەنیا (٢٠میل) لە گۆڕەپانی شەڕی گۆگامێلا (٣٣١پ.ز) وە دوورە، ئەو شەڕەی لە نێوان ئیسکەندەری مەکدونی

JOBS
مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

گریکی (٣٥٦- ٣٢٣پ.ز) و داریۆسی سێیەمی شای ئەخمینیەکان (٣٣٧- ٣٣١پ.ز) ڕوویداوە، ئەم دەڤەرە دەشتاییەکی فراوان و چەند گرد و بانێکیشی تێدا بووە، و بۆ هاتووچۆ کردنی لەشکر و ئەسپ و گالیسکەکانیان گونجاو بووە، بە تایبەتیش لە بەرژەوەندی ئەو لایەنە بووە کە ژمارەی لەشکرەکەی زیاتر بووە، داریۆس ئەم شوێنەی بۆ شەڕی یەکلایی کەرەوە دەسنیشانکردووە، چونکە دەکەوتە ناوەڕاستی دەڤەرەکانی ژێر دەستهەڵاتی بەڵام لەم شەڕەدا بەرامبەر بە ئیسکەندەر شکست دەهێنێت (خباز، ١٩٢٧م، ص٣٤ – ٣٥؛ بنكنغهام، ١٩٦٨م، ج١، ص١٢٠). ئەربل شارێکی گەوریە لە بۆشایی ئاسمانی زەوییەکی فراوان لە باکوری عێراق (إبن فضل الله العمري، ٢٠٠٢م، ج٣، ص٢٦٠)، لە نێوان هەردوو زێی گەورە و بچووك (ابن حوقل، ١٩٣٨م، ج١، ص٢٠٨؛ الحميري، ١٩٨٠م، ص٢٦) لە نزیك مووسڵ (زين الدين، ١٩٩٥م، ص٦٨)، قەڵایەکی تۆکمەی هەیە، کە تەتاریەکان نەیانتوانیوە زیانی پێ بگەیێنن (القزويني، د/ ت، ص٣٩٠)، درێژیەکەی ئەربل (٦٨,٥پلە) و پانیەکەیشی نزیکەی (٣٥,٥پلە) بووە، زۆربەی خەلکەکەی کورد بوون، بەڵام هەموو دەڤەرەکە و جوتیارەکان و هەر شتێکی بە کوردەوە بەسترابوەوە بە عەرەب کرابوون، بەڵام لە لایەنی ژیانەوە ژیانێکی ئارامیان هەبووە، سەبارەت بە ئاوەکەیشی ئاوێکی پاك و سازگاری هەبووە، کە هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ ئاوی دیجلە نەبووە، هەروەها سەوزە و میوەکانیشیان لە چیاکانی نزیکیانەوە دەهێنا (ياقوت الحموي، ١٩٩٥م، ج١، ص١٣٨).

ئەربل (هەولێر) لەم سەردەمەی ئێمەشدا لە باکوریەوەی وەلاتی تورکیا، و بەشێك لە لیوای مووسڵە، لە باشوریشەوە لیوای کەرکوکە، لە ڕۆژهەڵاتیش ئێران، و بەشێك لە لیوای سلێمانیە، لە ڕۆژئاوایشی لیوای مووسڵە، ڕووبەری لیوای ئەربیل (١٥٨٧٠کم²) ئەمە بە پێی سالی (١٩٥٧ز) (الحسيني، ١٩٥٨م، ص٢٣٥)، شاری هەولێر دەکەوێتە بازنەی پانی (١١– ٣٦) و هێلی درێژی (٢– ٤٢) ی ڕۆژهەڵات، کە ئەمەش ناوەڕاستی هەرێمێکی دەوڵەمەند و بە پیتە، کە دەکەوێتە بانێك کە بەرزاییەکەی (١٣٠٠پێیە)، بەڵام بەرزی زەوی دەوروبەری قەڵاکەی دەگاتە (١٣٣٢پێ) لە ئاستی ڕووی دەریا (شترك، مادة إربل، د/ ت، مج٢، ص٥١٦ ، ٥٢٢). هەروەها ڕووبەری زەوییەکانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی دەگاتە (٤٠٠٠کم²)، کە دەکاتە ڕێژەی (٢٥٪) ی سەرجەم ڕووبەرەکەی، و هەولێر دەکەوێتە دەڤەرێکی شاخاوی لە عێراق، لەبەر ئەوە لە چاندنیشدا پشت بە باران دەبەستێت، کەواتا چاندنەکەی دێمییە، هەروەها وەرزی باران بارینیش لە هەولێر و باکوری عێراق (کوردستان) بە گشتی لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەم دەست پێ دەکات، و تا ناوەڕاستی مانگی ئایار بەردەوام دەبێت، زۆرترین ڕێژەی باران بارینەکەیشی لە مانگەکانی کانوونی دووەم و شوباتە (إسماعيل، ١٩٧١م، ص٦؛ الخليل، ٢٠١٣م، ص١٢٦)، لەبەر ئەوەش باشترین تۆو و میوەی لێ گەشە دەکات، هەر وەك ئەوەی ئاماژەمان پێدا کە زۆربەی چاندنەکانی پشت بە ئاوی باران دەبەستن، کە گرنگترینیان گەنم، جۆ، برنج، کونجی، نیسك، ماش، نۆك، توتن، و هەروەها بەربوومەکانی کە لە چیاکاندا دەروێن وەك گوێز، بەڕو، باوی، سماق، مازی، هەنجیر، ترێ و هەرمێ و هی تر، ئەمە جگە لە بوونی بەربوومەکانی ئاژەڵیش وەك پەنیر، ڕۆن، خوری، پێست و هەنگوین (الحسيني، ١٩٥٨م، ص٢٣٥)، کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ بە پیت بوونی ئەم دەڤەرە، و بوونی بە شوێنێکی قەرەباڵغ و نیشتەجێبوونی ژمارەیەکی زۆری خەلکی تێدا.

شاری ئەربل لە گرنگترین و کۆنترین شارەکانی عێراقە، و هۆکاری گەشەکردنەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ شوێنەکەی کە لە ناو جەرگەی دەشتێکی کشتوکالی بە پیتە، و لە هەموو لایەکەوە چیای لێ نزیکە (العاني و أخر، ١٩٧٩م، ص١٤٢)، چیاکانی هەولێر بەشێك لە چیاکانی باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق پێك دەهێنن، و بەشێك لەو چیایانە بە دارستان و گژوگیا داپۆشراون، کە

JOBS مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

رووبەریان دەگاتە نزیکەی (٥٠٠٠كم²)، کە ئەمانەش ناوی هەندێك لــــە چیاکـــانی هەولێرن: چیای حەسارۆست کە بەرزیەکەی دەگاتە (٣٦٠٧م)، کە ئەمەش بە بەرزترین چیاکانی عێراق هەژمار دەکرێت، هەوارەچۆکە، سیاکۆ، قەندیل، سەرگەراوە، هەندرین، شیرین، برادۆست، سەفین، پیرمام، هەریر و هی تر، هەر وەکو باس دەکرێت کە ئەم چیایانە دەوڵەمەندن بە کانزا، و هەروەها ژمارەیەکی زۆر هاوینەهەواریشی لێ هەیە (إسماعيل، ١٩٧١م، ص٨- ١٠).

**بەشی دووەم: هۆکاری کۆچکردنی ئەربلیەکان بۆ وەڵاتی شام و میسر:**

بە شێوەیەکی گشتی هەبوونی کورد لە وەڵاتی شام دەگەڕێتەوە سەردەمە ئیسلامیە یەکەمەکان، کاتێك چوونەتە نێو ئایینی نوێوە (ئیسلام)، شان بە شانی عەرەب و فارس و تورکەکان، کە هەماهەنگی و گونجانی کۆمەڵایەتی و ڕامیارییان لە دەولەتی ئیسلامدا پێکهێناوە، و هەمووشیان لە ئەرك و مافدا یەکسانبوون و هیچ شتێك ئەوانی لێك جیانەکردووەتەوە، تەنها کاری باش و لە خوا ترسی نەبێت (قادر، ٢٠١٤م، ص١٨)، هەر وەکو لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە **{إن أكرمكم عند الله أتقاكم}** (سورة الحجرات، الأية:١٢) کەواتا چاکترینتان لە لای خوا لە خوا ترسترینتانە. لێرەدا ئاماژە بە هۆکارەکانی کۆچکردنی ئەو زانا و کەسایەتیانە دەکەین، کە خاکی کوردستان و بەرەو وەڵاتی شام و میسر جێهێشتووە، کە لە نێویشیاندا ئەربلیەکان هەنە ، لەو هۆکارانەش:

**1- هۆکاری خۆ نزیککردنەوە لە سولتان و پیاوانی دەولەت:**

ژمارەیەکی زۆر لە زانا و هۆزانڤان و ئەدیبی کورد ویستویانە بەرەو وەڵاتی شام و میسر کۆچ بکەن، بە مەبەستی نزیکبوونەوە لە سولتان و پیاوانی دەولەت، ئەمەش بۆ گەیشتن و بەدەستهێنانی پارە و پۆستی گرنگ بووە لە دەولەت، بە تایبەتیش کــە هەندێ لە سولتان و دەستهەڵاتدارەکان خۆیان لە هەندێ لە هۆزانڤانەکان نزیك دەکردەوە، بــۆ ئەوەی بە هۆنراوەکانیان پەسنی دەست کـەوت و زیرەکیەکـانیان بکەن، هەروەهـا هۆزانڤانەکان ڕۆڵی باشیان هەبووە لە بلاوکردنەوەی دەنگوباس و باشیەکانی سـولتان لە ناو خەڵکدا، هەر لەبەر ئەوەش سولتان دیاری و شتی گـــران بەهایی پـێ دەدان، لەبەر ئەمەش لەو کاتەدا وەڵاتی شام و میسر بە سەنتەرێکی ڕامیاری گرنگ دادەنران بۆ ڕاکێشانی زۆرێك لە هۆزانڤانان، لــەو هۆزانڤان و مێژوونووسە ئەربلیانەی کە لە وەڵاتی شام و میسر لە ئەنجامی خۆ نزیکردنەویان لە دەستهەڵاتدارانی ئەو ســەردەمە پۆستیان وەرگرتووە، ئیبن خەلەکـــان و صەلاحەدینی ئەربلی بوون، کـــە ئیبن خەڵکان بووە بە گەورەی دادوەران (إبن خلكان، ١٩٠٠م، ج١، ص١١٠– ١١٣)، و صەلاحەدینی ئەربلیش بــووەتە دەرگــاوان= پەردەدار(*) (إبن شاكر، ١٩٧٣، ج١، ص١٨٤).

**2- قەیرانی ئابوری و برسێتی:**

دەولەتی عەباسی پێش ڕووخانی بە چەند سالێك دووچاری قەیرانێکی ئابوری سەخت بوویەوە، کە ئەمەش بووەتە هۆکاری بەڵاوبوونەوەی گەندەلی و سەپاندنی باج بە سەر خەلکیدا، لە پێناو دابینکردنی مووچەی دەستهەڵاتداران و شوێنکەوتوانیان لە سەرکردە و میرەکان، لەبەر ئەوە بارودۆخی ژیان بە گشتی بەرەو ئاراستەیێکی خراپ ڕۆیشتووە، هۆکاری ئەم قەیرانانەش تووشبوونی وەڵات بووە بە چەندین کارەساتی سروشتی ،کە چەندین زیانی مادی و گیانیشی بە دوای خۆیدا هێناوە، کە ئەم کارەساتانە کاریگەری دیاری کردووەتە سەر لایەنی ئابوری وەڵات، بە

(*) **دەرگاوان= پەردەدار:** لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پێی دەگوترێ سکرتێر یان سەرۆکی پێشوازی (يوسف، د/ ت، ج٢، ص٨١).

تایبەتی لافاوانە ڕۆلی گەورەی لە سەر ژیانی زۆرێك لە خەلكی عێراق هەبووە و ئەوانی تووشی ترس و دلەڕاوكێ و زیانی مادی و گیانیێکی زۆر کردووە کە بە ئاسانی نەتوانراوە قەرەبوو بکرێنەوە، بەڵام لە دوای کەوتنی سەنتەری خیلافەتی ئیسلامی لە شاری بەغدا، ژیانی ئابوری بە تایبەتیش لە سەرەتاکانی هێرشی مەغولیەکان بەرەو پەککەوتنێکی تەواو چووە، و نەهامەتی و ناخۆشیەکانیش زیاتر بوون، لەبەر ئەوەی کە وەڵات تووشی زۆر قەیرانی ئابوری ببوو، لە سەروی هەمووشیانەوە کەمی خۆراك بوو، کە ئەمە بووە هۆکاری بەڵاوبوونەوەی برسێتی ڕاستەوخۆ لە دوای کەوتنی بەغدا لە سالی (٦٥٦ك/ ١٢٥٨ز) (کاظم، ٢٠٢٠م، ص١١٦) .

3- **هۆکاری ڕامیاری و سەربازی:**

یەکێکی تر لە بەڵگەکانی کۆچکردنی کورد و ئەربلیەکان بۆ وەڵاتی شام، تێکەل بوون و بەشداریکردنیان بووە لە ڕیزی لەشکری فاتمیەکان (٢٩٧- ٦٥٧ك/ ٩١٠- ١١٧١ز)، و لە شام کە ناوی ئەحمەد کوڕی زوحاکی کوردی دێت، کە ڕۆلێکی یەکلایی کەرەوەی لە یەکێك لە شەڕەکانی لەشکری فاتمی لەگەل لەشکری بیزەنتیەکان لە سالی (٣٨٧ك/ ٩٩٧ز) دا هەبووە، توانیویەتی سەرکردەی لەشکری بیزەنتی بکوژێت، و موسلمانان سەربخات (الروذراوری، د/ ت، ج٣، ص٢٢٨)، و هەندێ لە کوردەکان پۆستیان لە ناو دەولەتی فاتمیدا وەرگرتووە، وەك کەسێك بە ناوی عەلی کوڕی سلاری کوردی زرزاری کە نازناوی (العادل) ی هەبووە، پێش کوژرانی لە سالی (٥٤٤ك/ ١١٥٣ز) پۆستی وەزیری خەلیفەی فاتمی (الظافربأمرالله٥٤٤– ٥٤٩ك/ ١١٤٩– ١١٥٤ز) ی وەرگرتووە، کە پێشتریش پۆستی والی ئیسکندەریە و بوحەیرەی وەرگرتبوو (إبن منقذ، ٢٠٠٣م، ص٥٨ – ٦٢؛ إبراهیم، ٢٠١٣م، ص٧٠). لە زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژەکان بۆ ئەوەن، کە ڕێژەی کوردەکان لە میسر لەگەل دەستپێکی لەشکرکێشیەکانی ئەسەدەدین شێرکۆ، بۆ سەر ئەو وەڵاتە لە سالەکانی (٥٥٩– ٥٦٤ك/ ١٢٦٤– ١٢٦٩ز) کە بە بڕیاری نورەدین مەحمود زەنگی کراون زیادیان کردووە، بە تایبەتیش لە هێرشی سێیەمدا (إبن الأثیر، ١٩٩٧م، ج٩، ص٣٠٥).

4- **هۆکاری بازرگانی و بە دەستهێنانی پارە:**

مەبەستی بەدەستهێنانی پارە هۆکارێکی بەهێز بووە بۆ ئەوەی زۆرێك لە زانایان بە کۆچکردن و جێهێشتنی وەڵات هەلستن، کۆچکردنەکەشیان تەنیا بە مەبەستی زیادکردنی زانست و سوود وەرگرتن لە تێکەلاوبوون لەگەل خەلكی ئەو وەڵاتانە نەبووە، بەڵکو هەندێك لەوان تەنیا بۆ مەبەستی بازرگانیکردن بووە، لە هەمان کاتیشدا هەر لە ڕێگای بازرگانیەوە هەندێك لەوان دەیانخوێند و زانستەکەی خۆیشیان پەرەپێدەدا، هەروەها هەندێکی تریشیان لە پاڵ مەرامی بازرگانی و خوێندن، هۆکاری کۆچکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ خۆ نزیککردنەوە لە پیاوانی دەولەت و سەرکردەکان و لە لای ئەوان پێگە و پایەی بەرزیان وەردەگرت، بە تایبەتیش هۆزانڤانەکان کە لە هۆنراوەکانیان پەسنی سەرکردەکانیان دەکرد و بەم ڕێگایە پارەیان پەیدا دەکرد (کاظم، ٢٠٢٠م، ص١١٧) .

5- **هۆکاری خوێندن و وانە گوتنەوە:**

بارودۆخی زانستی لە وەڵاتی شام و میسر لە سەردەمی دەستهەڵاتی ئەیوبی و مەمالیکەکان لە ئاستێکی باشدا بووە، باشیی بارودۆخی ئەم دوو هەرێمەش لە ئەنجامی کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری زانایانی عیراقی و کوردی بووە، بەرەو ئەو وەڵاتانە، چونکە ئەم وەڵاتانە پێشوازیان لە زانایان و زانست خوازان کردووە، کە هەر ئەمانەش بوون کاریگەرییەکی باشیان لە سەر ژیانی زانستی ئەم وەڵاتانە هەبووە، وەك ئیبن خەلەکان (م:٦٨١ك/ ١٢٨٣ز) (کاظم، ٢٠٢٠م، ص١٤٦).

6- **هۆکاری جوگرافی:**

لەبەر نزیکی وەڵاتی کورد لە شام، دەبینین کوردەکان لە دەڤەرە جیاوازەکانی وەڵاتی شام بەڵاوبوون، و ڕۆڵی گرنگیان لە دەڤەرەکەدا هەبووە، و هەندێك لە میرەکانیان دەستەهەڵاتیان لە چەندین ناوچەی شامدا هەبووە، لەوانیش باس لە میرێکی کورد بە ناوی(إبن الشليل= تاشليل) کراوە کە لە دەورووبەری سالی (٤٠٠ك/ ١٠٠٩ز) بە هەندێ چالاکی سەربازی هەلساوە (الأنطاكی، ١٩٩٠م، ص٣٤٩)، دواتریش وەڵاتی شام بووەتە پردێك بۆ بەستنەوەی وەڵاتی کورد بە میسرەوە کە دواتر کوردەکان بۆ ئەو وەڵاتە کۆچیان کردووە و لەوێ ماونەتەوە.

7- **جیاوازی مەزهەبی (خلاف المذهبي):**

جیاوازی و ناکوکی لە نێو پەیڕەوانی مەزهەبی سونەکان خۆیان هەبووە، و زۆرجار ئەم ناکوکی و جیاوازیە پەرەی سەندووە، و بووەتە هۆکاری کوشتارییەکی گەورە لە نێوانیاندا لە ناو شاری بەغدای پایتەخت، هەروەها لە دەرەوەش کە چەندین جار لەم ڕووداوە دووبارە بووەتەوە، و هەر جارێك توند تر لە جاری پێشووتر، ئەمە جگە لە نێوان پەیڕەوانی سونە و شیعەش لە لایەکی ترەوە، کە چەندین جار ڕووداوی گەورە لە ناوەوە و دەرەوەی بەغدا ڕوویداوە (الغامدي، ١٩٨٣م، ص٢٠٦)، کە ئەمەش بووەتە هۆکارێکی دیاری کۆچکردنی زانایانی عێراق بە گشتی، و کورد و ئەربلیەکانیش وەکو بەشێك لەوان بۆ وەڵاتانی شام و میسر، شایەنی باسە تا سەردەمانی ئێستاش جیهانی ئیسلامی بە دەستی توند و تیژی مەزهەبیەوە دەناڵێنێت، و ژمارەیەکی گەورەی پەیڕەوانی هەردوو مەزهەبی سونە و شیعەش بوونەتە قوربانی ئەم جیاوازی و ناکوکیە.

**بەشی سێیەم: ڕۆڵی ئەربلیەکان لە پۆستە کارگێڕیەکانی وەڵاتی شام و میسر لە چەرخەکانی (٧-٩ك/ ١٣- ١٥ز):**

1- **جێگر (النيابة):**

ئەم پۆستە بریتییە لە جێگر یانیش بریکارێك بۆ سولتان، هەموو ئەو دەستەهەڵاتانەیشی بەڕێوە بردووە کە سولتان هەیبووە، و هەموو داب و نەریتەکانی سولتانیشی زانیووە و مۆری سولتانیشی لە لا بووە (القلقشندي، د/ ت، ج١، ص١٧)، ئەو کەسەی کە ئەم پۆستەی وەرگرتووە، هەموو سیفەتەکانی سولتان یان پاشای وەرگرتووە، و لە زۆر شتدا نوێنەرایەتی ئەوی کردووە، و هەموو بڕیارە شەرعیەکانی جێبەجێکردووە، و چاودێریکردنی فەرمانبەرانی کردووە، و گرنگی بە ئاوەدانکردنی وەڵات داوە، و پاراستنی سنوری سەربازی و دابینکردنی دادپەروەریشی لە ئەستۆ گرتووە (إبن فضل الله العمري، ١٩٨٨م، ص٩٤)، بێ گومان هەموو ئەم دەستەهەڵاتەیشی لە ئامادە نەبوونی سولتان و پاشادا هەبووە، و هەموو بڕیارەکانیشی وەکو هی سولتان جێبەجێکراوە و کەمتەرخەمی لێ نەکراوە. کاتێ مەمالیکەکان کۆنترۆلیان بە سەر وەڵاتی شام و میسردا کردووە، وەڵاتی شامیان دابەشکرد بۆ چەند بەشێك وەك شام (دیمەشق)، حەلەب، کرك، حەمص، تەرابلوس، حەما، صەفەد و غەزە، و لە هەر بەشێك جێگرێکیان داناوە، کە نوێنەرایەتی سولتانی لە قاهیرە کردووە، و ئەم جێگرانە زۆرێك لە کاروباری کارگێڕیان لە ئەستۆ بووە (حسين، ٢٠١٣م، ص٥٩). لە وەڵاتی شام و میسریش چەندین کورد و لەوانیش ئەربلیەکان هەبوون کە ئەم پۆستەیان لە چەرخی نێوان حەفتەم تا نۆیەمی کۆچی/ سێزدە تا پازدەهەمی زاییني وەرگرتووە، لەوانیش:

- ئەبو عەمرو عوسمان کوڕی عیسا کوڕی دەرباس دادوەر زیائەدین عەمروی هەزبانی مارانی کوردی پاشان میسری (م: ٦٠٢ك/ ١٢٠٥ز)، کە ئەمە کەسێکی شافعی بووە، و قوتابی ئەبو عەباس کوڕی نەصر کوڕی عەقیلی ئەربلی (م: ٥٦٧ك/ ١١٧١ز) بووە (إبن العماد، ١٩٨٦م، ج٧، ص١٤)، و جێگری دەستەهەڵاتی لە قاهیرەدا وەرگرتووە، و دواتر لە لایەن صەلاحەدینی ئەیوبییەوە

JOBS مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

له سالی (٥٦٥ك/ ١١٦٩ز) پۆستی دادوەری له میسر پێدراوه، ئەمه سەرەرای وەرگرتنی پۆستی ئەوقاف و وانەگوتنەوه له قوتابخانه له قاهیره، تا مردنی له تەمەنی (٩٠) سالیدا (البرزنجي، ٢٠١٠م، ص٢١٢).

- عومەر كوڕی ئەسعەد كوڕی ئەبی غالب عیزەدینی ئەربلی (م: ٦٧٥ك/ ١٢٧٦ز)، كه ئەم كەسه جێگری دەستهەڵاتداری له دیمەشق وەرگرتووه، هەروەها له لایەنی زانستیشەوه تا مردنی كاری كردووه (البرزنجي، ٢٠١٠م، ص٢١٦).

- یەحیا كوڕی محەمەد كوڕی ئیسماعیل (القاضي تاج الدين الأربلي الكردي) (م: ٦٨٠ك/ ١٢٨١ز) جێگری دەستهەڵاتی دیمەشق بووه، و پۆستی دادوەری له حومص و بەعلەبەكدا وەرگرتووه، پاشانیش دادوەری حەلەب و دوو مانگ بەردەوام بووه، و دواتر لەبەر تەتارەكان بەرەو حومص چووه، و دواتر له سالی (٦٨٠ك/ ١٢٨١ز) شەهیدكراوه، كه تەمەنی له شەست سالی به یەك تا سێ سال تێپەری كردبوو (اليونيني، ١٩٩٢م، ج٤، ص١٣٣؛ الذهبي، ٢٠٠٣م، ج١٥، ص٤٠٧).

- هەروەها عەلی كوڕی یوسف كوڕی محەمەد كوڕی بەدرانی ئەربلی عەلائەدین پاشان دیمەشقی، كەسێكی زانا بووه، و جێگری دەستهەڵاتداری دیمەشق بووه، و له سالی (٧٥٢ك/ ١٣٥١ز) كۆچی دوایی كردووه (إبن حجر، ١٩٧٢م، ج٤، ص١٦٩ـ ١٧٠).

- ئیبراهیم كوڕی محەمەد كوڕی یوسف به ڕەچەڵەك ئەربلی دادوەر جەمالەدین ئەبو ئیسحاق ناسراو به (الحسباني)، له دەوروبەری سالی (٦٧٠ك/ ١٢٧١ز) له دایكبووه، ئەمه جێگری دەستهەڵاتداری دیمەشق بووه، و زیاتر له بیست سال بەردەوام بووه، و به ئایین و چاكەكانی له دەستهەڵاتیدا ناسراو بووه، له (ذي القعدة‌ی سالی ٧٥٥ك/ ١٣٥٤ز) و له تەمەنی (٨٣) سالی كۆچی دوایی كردووه (إبن قاضي شهبة، ١٩٨٧م، ج٣، ص٨؛ إبن حجر، ١٩٧٢م، ج١، ص٧٩).

- هەروەها له هەندێ له میرانی هەزبانییش ئەم پۆستەیان له شارەكانی وەڵاتی شام وەرگرتووه، لەوانیش میر عەلائەدین كوڕی ناصرەدین محەمەد كوڕی هەزبانی، كه پۆستی جێگری دەستهەڵاتداری شاری قودسی له سالی (٨٠٩ك/ ١٤٠٦ز) وەرگرتووه، و هەر له هەمان سالدا كۆچی دوایی كردووه (مجيرالدين، ١٩٦٨م، ج٢، ص٢٧٤).

- هەزبانیەكی تر ئەویش میر روكنەدین عومەر كوڕی هەزبانی، یەكێكه له دیارترین كەسایەتیه كوردیەكان و زیاتر له جارێك پۆستی جێگری دەستهەڵاتداری له وەڵاتی شام وەرگرتووه، له رووداوەكانی سالی (٨٠٣ك/ ١٤٠٠ز) كه مێژوونووس مەقریزی (م: ٨٤٥ك/ ١٤٤٢ز) دەڵێت: كه جارێكیان میر روكنەدین عومەر كوڕی هەزبانی له جێگری دەستهەڵاتی شاری حەما دوور خراوەتەوه، بەڵام دواتر له سالی (٨٠٦ك/ ١٤٠٣ز) بووەته جێگر له كرك، بەڵام له سالی (٨٠٧ك/ ١٤٠٤ز)، و جارێكی تر له سالی (٨١٠ك/ ١٤٠٧ز) بۆ جێگری حەما گەڕێنرایەوه، و تا سالی (٨١٢ك/ ١٤٠٩ز) بەردەوام بووه و جارێكی تر دوور خراوەتەوه، بۆ پۆستی گەورەی دەرگاوان (حاجب الحجاب)(1) له دیمەشق گواستراوەتەوه (المقريزيA، ١٩٩٧م، ج٦، ص٦٣، ٩٨، ١٩٣)، و وا دیاره كه دەستهەڵاتدارانی مەملوكی خزمەتی روكنەدینیان لەبەر چاو نەبووه، لەبەر ئەوه له سالی (٨٢١ك/ ١٤١٨ز) بریاری دوور خستنەوەی بۆ تەرسوس دراوه، بەڵام ئەم بۆیاره جێبەجێ

(1) **حاجب الحجاب:** پۆستێكی باڵای مەملوكیەكان بووه، و سولتان له كاروباری خۆیدا راوێژی پێ كردووه، و ئەو ئاگاداری هەموو بارودخی وەڵاتەكەی له كاروباری سەربازی و سڤیلش بووه (دهمان، ١٩٩٠م، ص ٥٩).

JOBS
مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

نەكراوە، بەڵكو بڕیار دراوە كە بكرێتە جێگری بەهسنا (نیابة بهسنا)[4] (المقريزيA، ١٩٩٧م، ج٦، ص٤٦٤).

- هەروەها میر ناصرەدین محەمەد كوڕی هەزبانی (م:٨٢٤ك/ ١٤٢١ز)، كە جێگری دەستهەڵاتداری حەمای لە سالی (٧٩١ك/ ١٣٨٨ز) دا وەرگرتووە، و ماوەی سێ مانگ لێی بەردەوام بووە، و دواتر لە هەمان سالدا لادراوە (قادر، ٢٠١٤م، ص٣٦– ٣٧).

- میر شەرەفەدین موسا كوڕی هەزبانی، ئەمەش یەكێكی تری هەزبانی و ئەربلیە كە پۆستی جێگری دەستهەلاتداری وەرگرتووە، كە لە سالی (٨٠٥ك/ ١٤٠٢ز) پۆستی جێگری غەزە (نیابة غزة)[5] ی وەرگرتووە، و لە هەمان سالدا بۆ (نیابة الرحبة)[6]گواستراوەتەوە (إبن حجي، ٢٠٠٣م، ج٢، ص٥٥٢، ٥٨٣)، و لە سالی (٨١٣ك/ ١٤١٠ز) بە بڕیارێكی سولتان بۆ جێگری بەعلەبەك گواسترایەوە، بەڵام بۆ ئەم پۆستە نەچووە و پێی ڕازی نەبووە، سەرچاوە مێژووییەكانیش باسی هۆكاری ڕەتكردنەوەی بۆ ئەم پۆستە ناكەن (قادر، ٢٠١٤م، ص١٣٧).

**2- والی (الولاية):**

پۆستی والی یەكێكە لە پۆستە كارگێڕیە گرنگەكان لە دەولەتی ئیسلامی، بەڵام لە سەردەمانی پێش مەمالیكەكان بە والی گوتراوە (صاحب الشرطة) یانیش (صاحب العسس)، ووشەی (عسس) ئەوانە بوون كە بە شەوان دەگەڕان و چاودێری خەلكیان دەكرد (المقريزيB، ١٩٩٧م، ج٣، ص٣٨٨)، بەڵام لە سەردەمی مەمالیكەكان ئەو كەسەی ئەم پۆستەی وەرگرتووە، بە والی ناسراوە، و ئەرك و بەرپرسیارێتی زیاتر بووە، لەوانیش چاودێری كردنی ئاسایش، و زۆربەی كات ئەوانەی ئەو پۆستەیان وەرگرتووە لە (أمراء العشرات)[7] بوون (قادر، ٢٠١٤م، ص٤٣)، هەروەها ووشەی والی بۆ ئەوەش بەكاردێت كە بەرپرسە لە نەهێلانی تاوانكاری و دز و مەی خۆرەكان و هی تر (السبكي، ١٩٤٨م، ص٤٣)، ئە كەسەی دەبووە والی خاوەنداری هەموو شتێكی دەكرد، و بە ئارەزووی خۆی سەرەدەری تێدا دەكرد، و هەستی بەوە دەكرد كە تونای ڕاپەڕاندن و ئەنجام دانی هەموو كارێكی هەیە (إبن الأثير، ١٩٧٩م، ج٥، ص٢٢٧) ، لە ئەربلیەكانی پۆستی والیان لە وەڵاتی شام و میسردا وەرگرتووە:

- عیزەدین محەمەد كوڕی ئەبی هیجا كوڕی محەمەد (الأمير الفاضل الهذباني الإربلي)، لە سالی (٦٢٠ك/ ١٢١٣ز) لە دایك بووە، و لە گەنجاتیدا بەرەو وەڵاتی شام چووە، وە كەسێكی باش بووە لە مێژوو و ئەدەب و قسەكردندا، كەسێكی كوردی ڕێزدار بووە، جامانەیێكی بازنەیی لە سەر كردووە، و پرچی تا سەر شانەكانی بووە، و بۆ ماوەیەك ویلایەتی دیمەشقی وەرگرتووە، لە كاروباری ڕامیاریشدا كەسێكی باش بووە، و لە (جەمادی دووەمی سالی ٧٠٠ك/ ١٣٠١ز) و لە

---

[4] **نيابة بهسنا:** جێگرایەتیەكی بچووكی جێگری حەلەبی گەورە، كە لە هەزار كەس كەسێك لایەن سولتانەوە بە ڕێوڕەسمێكی شایستە لە قاهیرە هەلدەبژێردرا ( القلقشندي، د/ ت، ج٤، ص٢٣٣).

[5] **نيابة غزة:** یەكێك لە جێگرایەتی ڕۆژئاوای دیمەشق بووە، ئەمەش لە هەر هەزار كەس كەسێك هەلدەبژێردرا، و جێگرەكەش وەك جێگری سولتان سەرەدەری لەگەلدا دەكرا، و ئەمە خاوەنی سەركردە و پۆستی تایبەت بە خۆیان بوون (القلقشندي، د/ ت، ج٤، ص٢٠٤ـ ٢٠٥).

[6] **الرحبة:** شارێكە دەكەوێتە دیار مەزەڕ لە هەرێمی جەزیرە، لە ڕۆژئاوای ڕووباری فورات (لسترنج، ١٩٥٤م، ١٣٧).

[7] **أمراء العشرات:** ئەمانە لە چینی سێیەمی سەركردەكانی دەولەتی مەمالیكەكانن، و یەكێك لەوان دەبێتە سەركردەی دەهـ سوارچاك، و هەندێك لەم سەركردانە ژمارەی سوارچاكەكانیان بۆ بیست زیاد كردووە (القلقشندي، د/ ت، ج٤، ص١٥).

JOBS مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

تەمەنی هەشتا سالیدا لە میسر کۆچی دوایی کردووە (الذهبي، ٢٠٠٣م، ج١٥، ٩٥٦؛ الصفدي، ٢٠٠٠م، ج٥، ص١١٢).

- هەروەها هەزبانیەکی تر کە پۆستی والی وەرگرتووە، ئەویش میر شەهابەدین ئەحمەد کوڕی ئەسەدی کوردی هەزبانی، لە سالی (٨٠٢ك/ ١٣٩٩ز) بووەتە والی قاهیرە، و لە دوای نزیکەی مانگێك و لە هەمان سالدا لادراوە (الصيرفي، ١٩٧١م، ج٢، ص٤٦؛ المقريزيA، ١٩٩٧م، ج٦، ص١٥، ١٨)، بەڵام هۆکاری لە کار لادانەکەی نەزانراوە.

3- دەرگاوان = پەردەدار (الحاجب):

ئەو کەسەی ئەم پۆستەی وەرگرتووە پێی دەگوترا دەرگاوان (الحاجب)، و دەستهەڵاتێکی زۆریشی هەبووە، لەوانیش ڕێگری کردن لە چوونی خەلکی بۆ لای سولتان، تەنیا بە فەرمانی ئەم کەسە خەلك دەیتوانی بچنە لای سولتان، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان سەرباز و سەرکردەکان جا چ لە ڕێگای ئەو یانیش بە گەڕانەوە بۆ لای جێگر، هەروەها لە زۆر کاتیشدا پۆستی جێگری سولتانیشی وەرگرتووە، و جگە لە سەرکردە مەزنەکان کەسێکی تر پۆستی دەرگاوانی پێنەدراوە (القلقشندی، د/ ت، ج٤، ص٢٠)، پۆستی دەرگاوان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پێی دەگوترێ سکرتێر یان سەرۆکی پێشوازی (یوسف، د/ ت، ج٢، ص٨١)، لە پەرتووکی چەند لێکۆلینەوەك دەربارەی مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستی (زرار سديق توفيق) ئەم پۆستەی بە پەردەدار ناوبردووە (توفيق، ٢٠٠٨ز، ل١٥٣)، هەروەها گەورەی دەرگاوانان دەستهەڵاتێکی دارایی زۆری هەبووە، هەروەکو ئەوەی کە دەیتوانی پارە بە سەر هەژار و کەم درامەت و بێوەژنەکان دابەش بکات (إبن كنان، ١٩٩١م، ص١١٩)، شایەنی باسە ئەو کەسەی کە پۆستی دەرگاوانی وەردەگرێت، دەبێت کەسێکی بە وەفا و دلسۆز بێت، و جێی باوەڕ و نزیکی سولتان بێت، چونکە ڕاستەوخۆ و لە نزیکەوە پەیوەندی و کاری لەگەڵ سولتان هەیە، و هەموو شتێکی دەربارەی ژیان و کارەکانی سولتان دەزانێ، و بۆ کارەکەیشی پێویستی بە دانانی خشتەیەك بوو بۆ سەرەدانی خەڵك بۆ لای سولتان، لەم پۆستەشدا کورد و لە نێویشیاندا ئەربلیەکان بێ بەش نەبوون، و بوونەتە جێی باوەڕی سولتان و ئەم کارەیان لە وەلاتی شام و میسر پێ سپێردراوە، لەوانیش:

- مەحمود کوڕی عیسا کوڕی ئیسماعیل کوڕی محەمەد کوڕی سەعید، میری گەورەی دەرگاوان (الأمير الكبير الحاجب) عیزەدینی کوردی زەرزاری ئەربلی، ئەم کەسە لە دەوروبەری ئەربل لە دایك بووە، و لە تەمەنی هەشتا سالی، و لە (ڕەبیعی یەکەمی سالی ٦٦٣ك/ ١٢٦٥ز) لە میسر کۆچی دوایی کردووە (الذهبي، ٢٠٠٣م، ج١٥، ص٩٢)، لەبەر ئەوەی نازناوی دەرگاوانی هەیە، و لە میسر کۆچی دوایی کردووە، ڕەنگە ئەو پۆستەی لەو وەڵاتە وەرگرتبێت.

- هەروەها سەعد کوڕی محەمەد کوڕی عەلی کوڕی یەحیا کوڕی عەبدولصەمەد ئەبو قاسمی عەلەوی حوسێنی ئەربلی دەرگاوان (الحاجب)، لە سالی (٦٠٧ك/ ١٢١١ز) لە دایك بووە، ئەم کەسە لە دیمەشق و بەعلەبەك بینراوە، و تەمەنیشی گەیشتووەتە نزیکەی (٩٠) سال ((الذهبي، ١٩٨٨م، ج١، ص٢٦٤)، هۆنراوەیشی هەبووە:

**حاشاك حاشاك تخلو من خواطرنا　　يا من يحجب عزة عن نواظرنا**
**أنت العليم بما تخفي ضمائرنا　　ارحم بحقك اصغرنا و اكبرنا**

ئەمەش دیار نییە کە لە کام شار دەرگاوان بووە، بەڵام بە پێیی زانیاریەکان و بە پێی ئەوەی کە لە دیمەشق و بەعلەبەك بینراوە، ڕەنگە لە یەکێك لە شارەکانی وەڵاتی شام دەرگاوان بووبێت.

JOBS مجلة العلوم الأساسية Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

- هەروەها هەزبانیەکانیش ئەم پۆستەیان وەرگرتووە، لەوانیش میر شەهابەدین ئەحمەد کوری محەمەدی هەزبانی کوردی، کە لە سالی (٧٩١ك/١٣٨٨ز) پۆستی دەرگاوانی لە تەرابلوس وەرگرتووە (الصيرفي، ١٩٧٠م، ج١، ص٢٢٤؛ إبن قاضي شهبة، ١٩٨٧م، ج٣، ص٢٦٢؛ إبن تغري بردي، د/ ت، ج١١، ص٣٢٧)، بەڵام ماوەی مانەوەکەی لەم پۆستەدا دیار نییە.
- هەزبانیەکی تر کە ئەم پۆستەی وەرگرتبێت ئەویش، میر شەرەفەدین موسا کوری هەزبانی یە، کە دوو جار پۆستی دەرگاوانی لە دیمەشق وەرگرتووە، جاری یەکەم لە سالی (٨٠٥ك/ ١٤٠٢ز)، و جاری دووەمیش لە سالی (٨٠٧ك/ ١٤٠٤ز) (إبن حجي، ٢٠٠٣م، ج٢، ص٥٨٦؛ المقريزيA، ١٩٩٧م، ج٦، ص١٢١؛ إبن تغري بردي، د/ت، ج١٢، ص٣١٠)، ڕەنگە دووجار بوونی میر شەرەفەدین بە دەرگاوان لە دیمەشق و لادان و گەڕاندنەوەی بۆ ئەو پۆستە، ڕەنگە لەبەر ئەو ئاژاوە و گێژاوە ڕامیاریانە بن کە لە دوای لەشکرکێشیەکانی تەیمورلەنگ لە وەڵاتی شام لە سالی (٨٠٣ك/ ١٤٠٠ز) موە لە دیمەشق هەبوون، (قادر، ٢٠١٤م، ص٥٠).
- میر ڕوکنەدین عومەر کوری هەزبانی، یەکێکی ترە لەو هەزبانیە ئەربلیەی کە پۆستی دەرگاوانی لە وەڵاتی شام وەرگرتووە، سەرەڕای پۆستی جێگری دەستەهەڵاتداری لە حەما و تەرابلوس، ئەتابەکی لە دیمەشق، لە سالی (٨٠٩ك/ ١٤٠٦ز) پۆستی گەورەی دەرگاوانی لە دیمەشقیش وەرگرتووە، بەڵام هەر لە هەمەان سالدا لادراوە، لەبەر ئەوەی کە بووەتە ئەتابەك لە دیمەشق، بەڵام لە سالی (٨١٢ك/ ١٤٠٩ز) جارێکی تر گەڕاوەتەوە بۆ پۆستی گەورەی دەرگاوانی، بەڵام هەر لە هەمان سالدا لادراوە، و دواتر لە سالی (٨١٦ك/ ١٤١٣ز) کراوە بە گەورەی دەرگاوانان لە شاری حەلەب، و لە سالی (٨٢١ك/ ١٤١٨ز) کۆچی دوایی کردووە (إبن حجي، ٢٠٠٣م، ج٢، ص٥٧٢، ٨٧٧؛ المقريزيA، ١٩٩٧م، ج٦، ص١٧٥، ٣٥٠)، دامەزراندنی ئەم کەسە وەك دەرگاوان، و وەك ئەتابەك ڕەنگە بۆ لێهاتوویی و جێ متمانەی ئەم کەسە بۆ سولتان بێت.

### 4- وەزارەت (الوزارة):

پۆستی وەزیر بە گرنگترین و بەرزترین پلە لە ناو دەولەتی ئیسلامیدا دادەنرێت، کە ئەمەش پۆستی خاوەن پێنووسەکان بووە، و خاوەنی ئەم پۆستە لە دوای سولتان و خلیفە بە پلەی دووەم دێت (القلقشندي، د/ ت، ج٤، ص٢٨؛ أميدي، ٢٠١٢م، ص١٠٩)، وەزارەت لە سەرەتای دامەزراندنیدا پۆستێکی سادە بووە، بەڵام دواتر و بەرەبەرە گەشەی کردووە (الدوري، ١٩٥٠م، ج١، ص٢٢٨)، وپۆستی وەزارەت لە سەردەمی ئیسرائیلیەکان و ساسانیەکانشدا (٢٢٦- ٦٥١ز) هەبووە، بەڵام بە ڕامانێکی تری وەك هاریکار یان ڕاوێژکار کە پۆستێکی دیار بووە لە زۆربەی دەولەتەکان (الرفاعي، ١٩٩٧م، ص١٠٢)، وەزارەت وشەیێکە لە وشەی (الوزر) وەرگیراوە، بە مانای قورسایی دێت، لەبەر ئەوەی وەزیر هەموو بارگرانیەکی حکومەت وەردەگرێت، یانیش (الوزر) بە واتای (الملجأ) بە واتای هانا بردنی خەلیفە یان پاشا و سولتان بۆ لای وەزیر و لە کارەکانیدا بۆچوونی ئەویان وەرگرتووە، یانیش ڕاوێژیان بە وەزیر کردووە، یانیش لە (الأزر) بە واتای (الظهر) یان پشت و پەنا دێت، کە پاشا خۆی بە وەزیرەوە بەهێز کردووە (الماوردي، د/ ت، ص٥٠)، هەر وەك ئەوەی کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لە بارەی پێغەمبەر موسا (س. خ) دەفەرموویێت: **{واجعل لي وزيرا من اهلي هارون أخي اشدد به أزري و أشركه في أمري}** (سورة طه، الأية: ٢٩– ٣٢)، **{ولقد أتينا موسى الكتاب وجعلنا معه أخاه هارون وزيرا}** (سورة الفرقان، الأية: ٣٥).

JOBS مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

دەربارەی وشەی وەزیر، پێشتر ئەم وشەیە بەکار نەهاتووە، تاکو لە سەردەمی عەباسیەکان، پۆستی وەزارەت کەوتووەتە سەر یاسا و ڕێچکەیەکی ڕێك و پێك، و بەو کەسەی کە پۆستی وەزارەتی وەرگرتووە گوتراوە وەزیر، کە پێشتر پێی دەگوترا نووسەر (کاتب) یان ڕاوێژکار (مشیر) (الرفاعي، ١٩٩٧م، ص١٠٣). هەرچی دەربارەی مووچەی وەزیرەکانە لە سەردەمی مەمالیکەکان، کە دکتۆر کامل ئەسوەد قادر، لە زاری مێژوونووس (القلقشندي) یەوە، وەریگرتووە، بەڵام ئێمە ئەم تێکستەمان لە پەرتووکی (صبح الأعشى) ی (القلقشندي) نەبینی، کە مووچەی مانگانەی وەزیرەکان (٢٥٠دینار) ی ئەو کاتە بووە، سەرەڕای درماڵە و بژێوی ڕۆژانە وەك گۆشت و نان ڕۆن ئالیکی سوارەکانیان، سەرەڕای ئەو جلەی کە ڕۆژانە لەبەریان کردووە (قادر، ٢٠١٤م، ٥٧). (نظام الملك الطوسي) (م: ٤٨٥ك/ ١٠٩٢ز) باس لە گرنگی پۆستی وەزارەت دەکات و دەڵێت: بەرژەوەندی پاشا و وەڵات و گەندەڵی بەم کەسەوە بەندە، دڵخۆشی خەڵك، چاودێری کردنی باروودۆخ، لەشکر، حەوانەوەی پاشا و دڵنیا بوون و پاراستنی هەموو ئەمانە بەندە بە پۆستی وەزارەتەوە (الطوسی، ٢٠٠٧م، ص٦٢- ٦٣)، ئەمەش بەڵگەیە بۆ گرنگی ئەم پۆستە و لەبەر ئەوەش تەنیا کەسانی متمانە پێکراو ئەم پۆستەیان وەرگرتووە. لەو ئەربلیانەی کە ئەم پۆستەیان وەرگرتووە، چەند کەسایەتیەکی زرزاری ئەربلین لەوانیش:

- دادوەر بەدرەدین سنجاری کوردی، یوسف کوڕی عەلی یە (ابو المحاسن)، لە کوردی زرزاری یە، ئیبن خەلەکان دەڵێت: زۆر جار ئەم کەسە بە منی گوتووە، کە لە ساڵی (٥٠٨ك/ ١١١٤ز) لە چیاکانی ئەربل لە دایك بووم، بە ڕەچەڵەك زرزاری یە ((إبن خلكان، ١٩٠٠م، ج٦، ص٢٦٦) ، یانیش لە ساڵی (٥٧٨ك/ ١١٨٢ز) هەر لە چیاکانی ئەربل لە دایکبووە (عارف و أخر، ٢٠٠٩م، ص٢٦٤)، بەڵام لە پەرتووکی (العبرفي خبر من غبر) (الذهبي) و (شذرات الذهب) ی (إبن العماد) دا بە زراری[٥] هاتووە، ئەمە جێگای متمانەی پاشاکان بووە، لەبەر ئەوە مەلیك ئەشرەف موسا کوڕی عادلی ئەیوبی پۆستی گەورەی دادوەرانی لە بەعلەبەك پێداوە، کە لە نووسین و نامەکانیدا بە (أبي العز) ناوی بردووە، و چەندین مەمالیك و داروودەستەی هەبووە، هەروەها لە هەندێ کاتدا وەکو مامۆستا لە چەندین قوتابخانەی وەڵاتی شام کاری کردووە (الذهبي، د/ ت، ج٣، ص٣٠٩؛ إبن العماد، ١٩٨٦م، ج٧، ص٥٤٤؛ شمیساني، ١٩٨٣م، ص٩٩)، لە وەزیرە یەکەمەکانی دەوڵەتی مەمالیکی بەحریە، لە ساڵی (٦٥٥ك/ ١٢٥٧ز) و لە دوای ئەوەی کە میر شەرەفەدینی فائیزی[٦] دەستگیر کراوە، ئەوا بەدرەدین سنجاری پۆستی وەزارەتی لە میسر وەرگرتووە (الیونیني، ١٩٩٢م، ج١، ص٤٩)، بەڵام ئەمەش زۆر لەم پۆستەدا نەماوەتەوە، تەنیا چەند مانگێك نەبێت، کە لە مانگی ڕەبیعی دووەم تا ڕەجبی هەمان ساڵ، و لە کار لادراوە، لە پۆستی گەورەی دادوەران ماوەتەوە (إبن تغري بردي، د/ ت، ج٧، ص٤٢– ٤٣)، هەرچەندە بەدرەدین سنجاری کەسێکی زانا نەبووە، بەڵام یەکێك بووە لە گەورەکانی هەردوو دەوڵەتی ئەیوبی و مەملوکی، و خزمەتی بەرچاوی بە هەردوو دەوڵەت کردووە (محمد و اخر، ٢٠٠٩م، ص٢٦٥)، لە (١٤ی ڕەجەبی ساڵی ٦٦٣ك/ ١٢٦٤ز) لە قاهیرە کۆچی دوایی کردووە (الیونیني، ١٩٩٢م، ج٢، ص٣٣٢)، بەڵام ئەگەر

---

([٥]) **زراری:** بە پێی ئاخاوتنەکانی هەردوو مێژوونووس (الذهبي) و (إبن العماد) بێت، ڕەنگە زراریەکانی ئەمڕۆی دەورووبەری هەولێر، هەمان زرزاری یەکانی ئەو کاتە بن.

([٦]) **میر شەرەفەدینی فائیزی:** ناوی هەبەتوڵڵا کوڕی صاعدە، کە کەسێکی نەسرانی بووە، و بووەتە موسلمان، و ماوەیەك لە لای مەلیك فائیز کوڕی مەلیك عادل خزمەتی کردووە، لەبەر ئەوە بە فائیزی ناسراوە، و ئەمە دواتر لە لایەن سولتان سەیفەدین قوتزەوە دەستگیر کراوە، و زیندانی کراوە و لە ساڵی (٦٥٥ك/ ١٢٥٧ز) و لەوێ خنکاوە و مردووە (الذهبي، ٢٠٠٣م، ج١٤، ص٧٩١).

JOBS
مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

سەرنج بدەین و بە پێی سالی مردنی بێت، ڕەنگە بۆچوونی دروست لەبارەی سالی لە دایکبوونی سالی (٥٧٨ك/ ١١٢٨ز) بێت، و ئەگەر بە پێی بۆچوونی یەکەم بێت ئەوا ئەو سەد و پەنجا سال ژیاوە، کە ئەمە شتێکی تا ڕادەیەك مەحالە، و یان ڕەنگە لە سالی (٥٨٠ك/ ١١٨٥ز) لە دایك بوو‌بێت، و بەڵام هەڵە لە نووسینەوەی ساڵەکەدا کرابێت، و لە جیاتی (ثمانین) (ثمان) نووسرابێت.

- هەروەها دادوەر بورهانەدین خزر کوڕی حەسەنی زرزاری، لە سالی (٦١٦ك/ ١٢٢٠ز) لە ئەربل لە دایك بووە، کە یەکێکی ترە لەوانەی کە لە کۆتاییەکانی سالی (٦٧٧ك/ ١٢٧٨ز) پۆستی وەزیری لە میسر وەرگرتووە، بەڵام لە دوای ئەوەی کە مەنسور سەیفەدین قەلاوون لە سالی (٦٧٨ك/ ١٢٧٩ز) بووەتە سولتانی مەمالیکەکان، بورهانەدینی لە پۆستی وەزیر لاداوە، و کەسێکی تری بە ناوی عیمادەدین شوجاعی لە شوێنی داناوە، کە ئەمە یەکێك لە دیارترین سەرکردەی مەمالیکەکان بووە (إبن کثیر، ١٩٩٧م، ج١٧، ص٦٠٨)، بەڵام لە دوای کەمتر لە سالێك لە لەکار لادانی جارێکی تر بورهانەدین سنجاری زرزاری گەڕێنرایەوە بۆ پۆستی وەزارەت لە وەڵاتی میسر، و بۆ ماوەیە لەم پۆستە ماوەتەوە، بەڵام دیسان لە لایەن شوجاعی ناوبراو لە کار لادراوە، و لە سالی (٦٨٠ك/ ١٢٨١ز) یەوە زیندانی کراوە، و دواتر ئازاد کراوە، و تا لە سالی (٦٨٦ك/ ١٢٨٧ز) کۆچی دوایی کردووە (حسن، ٢٠٠٩م، ص١١٥).

لە ماوەی خوێندن و بە دواداچوونمان باسمان لە هەندێ پۆستی کارگێڕی گرنگ لە وەڵاتی شام و میسر کرد، کە لە لایەن هەندێ لە ئەربلیەکانەوە بەڕێوەبردراون، و ڕەنگە چەند پۆستی تر هەبن کە گرنگیان لەوانەی باسمان کرد کەمتر بن، کە ئەربلیەکان لە بەڕێوەبردنی ئەوانیش ڕۆلیان هەبووە وەك:

**5- تەورهەڵگری= تەورداری (الطبردارية):**

ئەم لە بنچینەدا وشەیەکی فارسی یە، و بە مانای ئەوە دێت کە ئەو کەسەی تەوری وەرگرتووە، و لە دەوروبەری سولتان بووە لە کاتی سەرکەوتنی لە کالیسکەکەی و شتی تر، کە لە دوو وشە پێك دێت (طبر) بە واتای تەور دێت، و (دار) بە مانای بگر یان ئەو هەڵگری تەورە، و ماناکەی کە بە تەورەکەی شتێك دەشکێنێت (دهمان، ١٩٩٠م، ص١٠٦)، ئەمە لە سەردەمی مەمالیکەکان بە بەشێك لە سەربازەکان گوتراوە، ئەوانەی کە تەوریان وەرگرتووە و چاودێری سولتانیان کردووە لە کاتی سەرکەوتنی لە کالیسگەکەی (حلاق و أخر، ١٩٩٩م، ص١٤٥)، لە لای ڕاست و چەپی سولتان، و ئەو تەورەی بە دەستیانەوە بووە لە ئاسنی پۆلایین بووە، بۆ لێدانی دوژمنەکان ئەگەر لە سولتان نزیك بوونایەتەوە (حسين، ٢٠١٣م، ص٧٨).

- هەزبانیەکانی ئەم پۆستەیان وەرگرتووە وەك: میر شەهابەدین ئەحمەد کوڕی ئەسەدی هەزبانی کوردی، یەکێکە لەو سەرکردانەی کە لە سالی (٧٨١ك/ ١٣٩٨ز) پۆستی (طبرداري) لە قاهیرە وەرگرتووە، سەرەڕای بەڕێوەبردنی چەند پۆستێکی تری کارگێڕی لە هەمان کاتدا (المقريزيA، ١٩٩٧م، ج٦، ص٥).

- هەروەها هەزبانیەکی تر کە ئەم پۆستەی هەر لە قاهیرە وەرگرتووە، ئەویش محەمەد کوڕی ئەحمەد ناصرەدینی هەزبانی کوردی شافعی، کە کەسێك بووە هەردەم لە کۆڕی زانایان دانیشتووە، و کەسێك بووە کە بەڕۆژوو بووە، و نوێژی بە کۆمەڵی ئەنجامداوە، و نوێژی بەیانیانیشی لە مزگەوتی ئەزهەر ئەنجامداوە، و لە سالی (٨٢٤ك/ ١٤٢١ز) کۆچی دوایی کردووە (إبن حجر، ١٩٦٩م، ج٣، ص٢٦٣؛ السخاوي، د/ ت، ج٧، ص١٢٨).

JOBS مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م /١٤٤٤هـ

6- **(النظر)**[1]:

هەندێك بە پۆستێكی ئایینی و هەندێكیش بە پۆستێكی كارگێڕی، بەڵام لە ماوەی خوێندنمان بۆ ئەم بابەتە بینیمان كە زیاتر تایبەتمەندی كارگێڕی پێوە دیارە، دەكرێ پۆستی (النظر) بۆ دوو بەش دابەش بكرێ ئەوانیش:

**أ- نظر الأوقاف و الأحباس:**

لە پۆستە ئایینیە كارگێڕیە گرنگەكانە، (ناظر الأحباس) سەرپەرشتی ئازووقەی مزگەوت و خانەقا و خلوەتگا و قوتابخانەكانە، و شوێنی تایبەتیش بۆ ئەوە هەبووە، كارێكی تریشی خێر و چاكەكردن بوو لەگەڵ هەندێ لە كەسانی دیاریكراو (القلقشندي، د/ ت، ج١١، ص٢٤٩)، و ئەو كەسەی كە پۆستی (نظر الأوقاف) ی وەرگرتووە، پێویست بووە كە هەندێ تایبەتمەندی ڕەوشتی تێدا بێت وەك: دەستپاكی، زیرەكی، و دادپەروەری...هتد (البیطار، ١٩٧٩م، ص٥٨). بۆ یەكەم جار فاتمیەكان پۆستی (النظر) یان دامەزراندووە، و ئەو كەسە هەموو كارەكانی بەستراو بە ئەوقافی تایبەت و گشتیەوە بەڕێوە دەبرد، لە ئەو كەسە لە نێو چەندین زانای ناسراو بە دینداری و چاكە هەڵدەبژێردرا، و ئەوقافی قوتابخانەكان گرنگیەكی تایبەتی هەبووە لە فێركردن و پلەكەیشی بەرزتر دەبوو (قادر، ٢٠١٤م، ص٩٦).لەو ئەربلیانەی كە پۆستی (النظر الأوقاف) یان وەرگرتووە، ئەوانیش:

- ئیبن خەلەكان، ئەحمەد كوڕی محەمەد كوڕی ئیبراهیم كوڕی خەلەكان گەورەی دادوەران شەمسەدینی ئەربلی شافعی، لە ساڵی (٦٠٨ك/ ١٢١٢ز) لە ئەربل لە دایكبووە، لە مەزهەبدا كەسێكی لێهاتوو بووە، و لە ئەدەب و شیعرشدا زانایەكی گەورە بووە، و خاوەنی پەرتووكی (وفیات الأعیان و أنباء أبناء الزمان) ە، و زۆر ناودار بووە (إبن شاكر، ١٩٧٣م، ج١، ص١١٠)، هەروەها لە ساڵی (٦٥٩ك/ ١٢٦١ز) كاتێ كە پۆستی گەورەی دادوەرانی هەموو وەڵاتی شامی وەرگرتووە، پۆستی (النظر) ی لە ئەوقافی مزگەوت و بیمارستان و قوتابخانەكان و...هتد وەرگرتووە (الیونیني، ١٩٩٢م، ج٤، ص٢٣٣)، و لە (٦ ڕەجەبی ساڵی ٦٨١ك/ ١٢٨٣ز) كۆچی دوایی كردووە (إبن شاكر، ١٩٧٣م، ج١، ص١١١).

**ب- سەرپەرشتی كارگێڕی: مزگەوت و خانەقا و بیمارستانەكان (نظر الإداري: الجوامع و الخانقات و البیمارستانات):**

بۆ هەر دام و دەزگایەكی كۆمەڵایەتی لە دیمەشق وەك: بیمارستان و مزگەوت و قوتابخانە و خلوەتگا و گەنجینەكان سەرپەرشت (ناظر) ێك هەبووە، و مەرج نەبووە كە سەرپەرشتی بیمارستانەكان پزیشك بێت، بەڵام پێویست بووە كەسێك هەڵبژێردرێت كە لە ئاستێكی باڵای ڕەوشت جوانیدا بێت، و سەرپەرشت (ناظر) بەرپرسیار بوو لە هەر سەرەدەرییەكی بەرامبەر بە جێگری سولتان (زیادة، ١٩٦٦م، ص١٦٠- ١٦٢)، و سەرپەرشت و بەرپرس بوو لە كاروباری مزگەوت و گوتاربێژەكان و لە نۆژەنكردنەوەی بینایەكان، هەروەها گوتاربێژیش بەرپرسیار بووە لە گوتارەكەی، و بانگبێژیش لە بانگكردنی خەڵكی بۆ نوێژ، كە ئەم كارانەش لە مزگەوتی گەورەی ئەمەوی لە دیمەشق و دوروبەری پایەیێكی تایبەت هەبووە، زۆر كەس هەبووە كە پۆستی (نظر) یان وەرگرتووە، تەنانەت گەورەی دادوەرانیش، هەروەها خلوەتگاكانیش سەرەڕای كاروباری دیكە

---

[1] ( ) **النظر:** لە توێژیتەوەیەكی (أمنة البیطار) دا لە گۆڤاری (أداب الرافدین) دا هاتووە، كە (النظر) پۆستێكی كارگێڕیە، و ئەمڕۆ بە مانای بەڕێوبەری گشتی قوتابخانەكان دێت، كە كاریشی كڕینی پێداویستیەكان و نۆژەنكردنەوەی قوتابخانەكانە، و موچەی فەرمانبەرانی دابین دەكات (البیطار، ١٩٧٩م، ص٥٨).

JOBS
مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

مەلبەندی زانست و زانیاریش بوون، بەڵام لێرەدا سەرپەرشت (النظر) گەورەی دادوەران نەبووە، بەڵکو سەربەخۆ بووە، و بۆ هەموو خلوەتگایەك جا هەر ناوێکی وەکو خانەقا یان ریباتی هەبێت، شێخێك یان گەورەیێکی هەبووە کە کاروباری داروودەستە و شوێنکەوتووانی خۆی ڕایی کردووە، و هەموو ئەم شێخانەش لە ژێر دەستهەڵاتی کەسێك بوون بە ناوی (شیخ الشیوخ)، کە لە یەك کاتدا کاروباری هەمووانی بەڕێکردووە، و وەکو پردێك بووە لە نێوان ئەوان و پیاوانی سولتان، و ئەمانە گرنگیەکی تایبەت و بێ پایانیان هەبووە (زیادة، ١٩٦٦م، ص١٦٠- ١٦٢).لەو ئەربلیانەی کە ئەم پۆستەیان وەرگرتووە ئەوانیش:

- موسا کوڕی ئەحمەد کوڕی محەمەد کوڕی ئیبراهیم کوڕی خەلەکان کەمالەدین ئەبو فەتح کوڕی دادوەر شەمسەدین، لە سالی (٦٥١ك/ ١٢٥٣ز) لە قاهیرە لە دایکبووە، لە دوای باوکی پۆستی سەرپەرشت (النظر) ی دیوانەکانی وەرگرتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی کەسێکی باش نەبووە لەم پۆستەدا دوورخراوەتەوە، و لە مانگی (ڕەبیعی یەکەمی سالی ٧١٧ك/ ١٣١٧ز) کۆچی دوایی کردووە (إبن حجر، ١٩٧٢م، ج٦، ص١٣٧).
- محەمەد کوڕی ئەبی بەکر کوڕی عیسا کوڕی بەدرانی سەعدی ئیخنائی هەزبانی، ئەبو عەبدوڵڵا علیمەدین کوڕی دادوەر شەمسەدین گەورەی دادوەرانی شافعی لە شام و میسر، پێشنوێژ، فەقێ، سەرپەرشتی گەنجینە بووە، لە سالی (٦٦٤ك/ ١٢٦٦ز) لە قاهیرە لە دایکبووە، یەکێك بووە لە گەورە زانایانی سەردەمی خۆی، دادپەروەر، دیندار، چاکەکار، دەستپاك، زیرەك و نەرم نیان بووە، و زۆر گوێی لە فەرموودە بووە، و کەسێك بووە کە زۆر ئارەزووی زانستی کردووە، و ئارەزووی ڕیوایەتکردنی فەرموودەیشی هەبووە، لە شیکردنەوەی قورئانیش بەهرەی هەبووە، و لە سالی (٧٣٢ك/ ١٣٢٢ز) لە قاهیرە کۆچی دوایی کردووە (إبن حجر، ١٩٩٨م، ص٤١٢).
- محەمەد کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی حسین کوڕی عەلی ئەربلی، ئەبو فەرەج شەهابەدین زرزاری دیمەشقی شافعی یە (٦٦٢ك/ ١٢٥٠ز- ٧٣٨ك/ ١٣٣٧ز)، گەورەی دادوەران، موفتی، سەرپەرشت (مناظر) بووە (المدرس، ١٩٨٣م، ص٤٨٢؛ الهسنياني، ٢٠١٢م، ص٤١٦).
- هەروەها دادوەر بورهانەدینی ئیخنائی، (المقریزی) (م: ٨٤٥ك/ ١٤٤٢ز) دەلێت: کە بورهانەدینی چاودێر(المحتسب) پۆستی گەورەی دادوەرانی لە شوێنی تاجەدینی براکەی وەرگرتووە، و کەسێکی تر بە ناوی تاجەدینی جەمالی پۆستی سەرپەرشت (نظر) ی بیمارستانی مەنسووری لە شوێنی بورهانەدینی ئیخنائی وەرگرتووە (المقریزیA، ١٩٩٧م، ج٤، ص٢٦١)، هەر چەندە نازانرێت کە ماوەی وەرگرتنی بورهانەدین بۆ پۆستی (نظر) چەند بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەم پۆست و ئەو پۆستی کردووە، و دواجار پۆستی گەورەی دادوەرانی وەرگرتووە، دوو کەسی تر لە شوێنی ئەو دانراون لە پۆستەکانی چاودێری (الحسبة) و سەرپەرشت (النظر).
- هەروەها دادوەر محیەدینی ئیخنائی، لە سالی (٨٩٥ك/ ١٤٨٩ز) پۆستی جێگری سەرپەرشتی (ناظر) ی بیمارستانی نوری لە دیمەشق وەرگرتووە، کە ئەم بیمارستانە لە لایەن نورەدین محمودی زەنگیەوە ئاواکراوە (قادر، ٢٠١٤م، ص٦١).

**ج- (ناظر الحرمين القدس و الخليل):**

ئەو کەسەی ئەم پۆستەی وەرگرتووە بەم ناوە ناسراوە، کە کارە سەرەکیەکەیشی سەرپەرشتی کردنی هەر کارێکی پێویستە کە کە حەرەمی شەریف لە قودس و حەرەمی ئیبراهیمی

له خەليل[1] پێویستیان پێ هەبێت لە چاکسازی و نۆژەنکردنەوە، و هەروەها ئەم کەسە دەیتوانی سەرپەرشتی و مامەڵە بە داهاتی تایبەتی ئەم دوو حەرەمە شەریفە بکات، هەروەها لە کارێکی تری ئەم کەسە سەرپەرشتی کردنی سەرچاوە ئاوییەکان ئەم دوو حەرەمە بووە کە بۆ نوێژ خوێنان دابین دەکرا (المهتدي، ٢٠٠٠م، ص٢٩٥؛ النقر، ٢٠٠٦، ص٧٩). ژمارەیەك لە کوردەکان پۆستی سەرپەرشتی کردنی کاروباری هەردوو حەرەمیان وەرگرتووە، کە لە نێویشیاندا ئەربلیەکان هەبوون وەك:

- شێخ صەلاحەدینی ئەربلی محەمەد کوری عومەر کوری عەلی کوری بەدر، سەرەرای پۆستە ئایینیە باڵاکان پۆستی (ناظر الحرمین) یشی وەرگرتووە، و لە سالی (٧٩٦ك/ ١٣٩٣ز) کۆچی دوایی کردووە (قادر، ٢٠١٤م، ص٨٧).

ئەمە ئەو پۆستە کارگێریانە بوون کە ئەربلیەکان لە وەلاتی شام و میسر رۆلیان لە بەرێوەبردنیاندا هەبووە، دەبێت ئەوش لە یاد نەکەین کە رەنگە هەندێ جار هەندێکیان لە کارەکانیان دوور خرابێتنەوە و هەندێکیشیان لە کاتێکدا چەندین پۆستیان بەرێوەبردووە، کە رەنگە هەندێ جار دوور خستنەوەکان لەبەر هۆکاری رامیاری یانیش کەمتەرخەمی ئەو کەسەی ئەو پۆستەی بەرێوەبردووە، یانیش لەبەر ئەوە بووبێت کە رکابەری لە سەر ئەو پۆستە هەبوو ئەم کەسانە دوورخراونەتەوە، و پێویستە ئەوش بلێین کە بەرێوەبردنی چەند پۆستێك لە کاتێکدا ئەمەش نیشانەی متمانە و زیرەکی و بێ کەم و کورتی ئەو کەسە دەگەیێنێت، کە لەو پۆستانەدا خزمەتیان بەو وەلاتانە کردووە، و رەنگە لە بەرامبەر ئەوەش هەندێ جار پاداشتیان وەرگرتبێت، و بووبێتنە کەسە نزیکەکانی سولتانەکانیان.

بە پێی ئەم توێژینەوەیە ژمارەی ئەربلی، هەزبانی، زرزاری، خەلەکانی، ئیخنائی (٢٧) کەسایەتی بوون، کە (١٩)ـیان لە وەلاتی شام و (٨)ـیشیان لە وەلاتی میسر خزمەتیان کردووە، بەلام هەندێ لەم کەسایەتیانە لە هەردوو وەلاتدا خزمەتیان کردووە.

**ئەنجام:**

1- کۆن و لە مێژینەیی هەبوونی شاری هەولێر و هەبوونی ژیان تێیدا لە چەندین سەردەمی مێژوویی کۆن و ناوەراست و تا سەردەمی ئێستاش.

2- هاتنی ناوی ئەربل بە چەندین شێوەی جیاواز و لە سەردەم و نووسراو و لە لایەن کەسە جیاوازەکاندا، تا گەیشتن بە ناوی هەولێر.

3- ئەم شارە بووەتە شوێنی تۆمارکردنی چەندین شەڕ و داستانی دەستەویەخە و یەکلایی کەرەوەی نێوان لایەنەکان، وەك شەڕی گۆگامێلای نێوان ئیسکەندەری مەکدۆنی و داریۆسی فارسی، و شەڕی زێی نێوان ئەمەوی و عەباسیەکان.

**4-** هۆکارەکانی کۆچکردنی ئەربلیەکان بۆ وەلاتانی شام و میسر زۆرن، بەلام بە بۆچوونی خۆمان و ئەوەندەی ئێمە پێی گەیشتین، هۆکاری خوێندن، و زانست، و هـــــاتنی مەغولەکان و داگیرکردنیان بـــۆ عێراق و ئەربل، لە ســـەرەکیترین هۆکارەکـانن، چـــونکـە مەغولەکان هەرەشەیەکی گەورە بوون بۆ سەر ژیان و گیانی خەلکی بەگشتی.

[1] **خەلیل:** ناوی شارێکە کە قەلا و ئاوایی و بازاری لێ هەیە، و لە نزیك قودسە کە ماوەی نێوانیان یەك رۆژە (یاقوت الحموي، ١٩٩٥م، ج٢، ص٣٨٧)، هەروەها پەرستگا و گۆری ئیبراهیمی پێغەمبەر (س. خ) لێیە (المهلبي، د/ ت، ص٨٢؛ یاقوت الحموي، ١٩٩٥م، ج٢، ص٣٨٧).

5- زۆرینەی ئەو ئەربلیانەی لە وەڵاتی شام و میسر لە چەرخەکانی (٧- ٩ك/ ١٣- ١٥ز) خزمەتیان کردووە، لە سەر مەزهەبی سونەی شافعی بوون، تەنیا کەمێکیان نەبێت کە سەر بە مەزهەبی مالکی بوون، ڕەنگە ئەمەش لەبەر تێکەڵاوبوونیان بێت لەگەڵ خەڵکی ئەو دەڤەرانەی کە تێیدا ژیاون.

6- لە پاڵ خزمەتکردنیان بە پۆستە کارگێڕیەکان، زۆرێك لە ئەربلیەکان لە بواری تریش خزمەتیان بە وەڵاتانی شام و میسر لە چەرخەکانی (٧- ٩ك/ ١٣- ١٥ز) کردووە، وەك لایەنی زانستی و ڕامیاری.

7- دوورخستنەوەی هەندێك لە ئەربلیەکان لە پۆستە کارگێڕیەکانیان، لە هەبوونی بەربەرکانێی ڕامیاری نێوان کەس و سەرکردەکان بۆ بە دەستهێنانی ئەو پۆستانە.

8- هەندێ لەو ئەربلیانەی کە باسکراون، تەنیا بە ڕەچەڵەك ئەربلین، بەڵکو لە دایکبوون و خزمەتکردن و ژیان و مردنیان هەموو لە وەڵاتی شام و میسر بووە.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم: قورئانی پیرۆز.**

**دووەم: سەرچاوە بنچینەییەکانی عەرەبی و بە عەرەبی کراو:**


1- إبن الأثير، ١٩٩٧م، الكامل في التاريخ، دار الكتاب العربي، بيروت.
2- إبن تغري بردي، د/ت، النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، دار الكتب، د/ م.
3- إبن حجي، ٢٠٠٣م، تاريخ إبن حجي، دار حزم، بيروت.
4- إبن حجر، ١٩٦٩م، إنباء الغمر بأبناء العمر، جنة إحياء التراث الإسلامي، مصر.
5- إبن حجر، ١٩٧٢م،الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة، ط٢، مجلس دائره المعارف العثمانية، حيدر اباد.
6- إبن حجر، ١٩٩٨م، رفع الإصر عن قضاة مصر، مكتبة الخانجي، القاهرة.
7- الحميرى، ١٩٨٠م، الروض المعطار فى خبر الأقطار ، ط٢، مؤسسة ناصر للثقافة، بيروت.
8- إبن حوقل، ١٩٣٨م، صورة الأرض، دار صادر، بيروت.
9- إبن خلكان، ١٩٠٠م، ، وفيات الأعيان فى أنباء أبناء الزمان، دار صادر، بيروت.
10- الذهبي، ١٩٨٨م، معجم الشيوخ الكبير للذهبي، مكتبة الصديق، الطائف.
11- الذهبي، ٢٠٠٣م، تاريخ الإسلام و وفيات المشاهير و الأعلام، دار الغرب الإسلامي، د/ م.
12- الذهبي، د/ ت، العبر في خبر من غبر، دار الكتب العلمية، بيروت.
13- زين الدين، ١٩٩٥م، الأماكن او ما اتفق لفظة و افترق مسماه من الأمكنة، دار اليمامة، د/ م.
14- السبكي، ١٩٤٨م، معيد النعم و مبيد النقم، دار الكتاب العربي، القاهرة.
15- السخاوي، د/ ت، الضوء اللامع لأهل القرن التاسع، دار مكتبة الحياة، بيروت.
16- الصيرفي، ج١، ١٩٧٠م، ج٢، ١٩٧١م، نزهة النفوس و الأبدان في تواريخ الزمان، مطبعة دار الكتب، د/ م.
17- إبن شاكر، ١٩٧٣م، فوات الوفيات، دار صادر، بيروت.
18- إبن فضل الله العمري، ١٩٨٨م،التعريف بالمصطلح الشريف، مطبعة العاصمة، بيروت.
19- إبن فضل الله العمري، ٢٠٠٢م، مسالك الأبصار فى ممالك الأمصار، المجمع الثقافي، ابوظبي.
20- الصفدي، ١٩٩٨م،أعيان العصر وأعوان النصر، دار الفكر المعاصر، بيروت.
21- الصفدي، ٢٠٠٠م، الوافي بالوفيات، دار إحياء التراث، بيروت.
22- إبن العماد، ١٩٨٦م، شذرات الذهب في أخبار من ذهب، دار إبن كثير، دمشق.
23- الطوسي، ٢٠٠٧م، سير الملوك أو سياست نامه، دار المناهل، بيروت.
24- إبن قاضي شهبة، ١٩٨٧م، طباقات الشافعية لإبن قاضي شهبة، عالم الكتب، بيروت.
25- القزوينى، د/ ت، اثار البلاد و اخبار العباد، بيروت.
26- القطيعى البغدادي، ١٩٩٢م، مراصد الأطلاع عن الأسماء الأماكن و البقاع، دار الجيل، بيروت.
27- القلقشندي، د/ ت، صبح الأعشى في صناعة الإنشاء، دار الكتب العلمية، بيروت.

28- إبن كثير، ١٩٧٧م، البداية والنهاية، دار هجر، د/ م.
29- إبن كنان، ١٩٩١م، حدائق الياسمين في ذكر قوانين الخلفاء و السلاطين، دار النفائس، بيروت.
30- الماوردي، د/ ت، الأحكام السلطانية، دار الحديث ، القاهرة.
31- مجير الدين، ١٩٦٨م، الأنس الجليل بتاريخ القدس و الخليل،المطبعةالحيدرية، النجف.
32- المقريزيA، ١٩٩٧م، السلوك لمعرفة دول الملوك، دار الكتب العلمية، بيروت.
33- المقريزيB، ١٩٩٧م، المواعظ و الإعتبار بذكر الخطط و الأثار (الخطط المقريزية)، دار الكتب العلمية، بيروت.
34- المهلبي، د/ ت، الكتاب العزيزي أو المسالك والممالك، د/ م.
35- ابن منقذ، ٢٠٠٣م، الإعتبار، ط٢، المكتب الإسلامي، بيروت.
36- ياقوت الحموي، ١٩٩٥م، معجم البلدان، ط٢، دار صادر ، بيروت.
37- اليونيني، ١٩٩٢م، ذيل مرآة الزمان، ط٢، دار الكتاب الإسلامي، القاهرة.

**سێيەم: ژێدەرە عەرەبی و بە عەرەبی کراوەکان:**

1- إبراهيم، خالدة سلمان، ٢٠١٣م، الحياة الاجتماعية في مصر في العصر الايوبي ٥٦٧– ٦٤٨هـ/ ١١٧١– ١٢٥٠م، بيروت، دار و مكتبة البصائر.
2- إسماعيل، زبير بلال، ١٩٧١م، اربيل في ادوارها التاريخية، مطبعة النعمان، النجف.
3- باقر، طه، ١٩٦٦م، المرشد الى مواطن الأثار و الحضارة الرحلة الخامسة بغداد– اربيل، مديرية الفنون و الثقافة الشعبية في وزارة الثقافة و الإرشاد، بغداد.
4- البرزنجي، تريفة أحمد عثمان، ٢٠١٠م، إسهامات العلماء الأكراد في بناء الحضارة الإسلامية خلال القرنين السابع و الثامن الهجريين (١٣- ١٤م)، دار الكتب العلمية، بيروت.
5- بنكنغهام، جيمس، ١٩٦٨م، رحلتي الى العراق سنة ١٨١٦، ترجمة: سليم التكريتي، مطبعة أسعد، بغداد.
6- حسن، قادر محمد، ٢٠٠٩م، اسهامات الكرد في الحضارة الاسلامية دراسة عن دور الكرد الحضارى في مصر و بلاد الشام خلال عهد المماليك البحرية (٦٤٨– ٧٨٤هـ/ ١٢٥٠– ١٣٨٢م)، سپيريز، دهوك.
7- حسين، محسن محمد، ٢٠١٤م، اربيل في العهد الأتابكي، مكتب التفسير، أربيل.
8- الحسيني، السيد عبدالرزاق، ١٩٥٨م، العراق قديما و حديثا، ط٣، مطبعة العرفان، صيدا.
9- حلاق، حسان و صباغ، عباس، ١٩٩٩م، المعجم الجامع في المصطلحات الأيوبية و المملوكية و العثمانية ذات الأصول العربية و الفارسية والتركية، دار العلم للملايين، بيروت.
10- خباز، حنا، ١٩٢٧م، المعركة الفاصلة في التاريخ، إدارة الهلال، مصر.
11- الخليل، أحمد محمود، ٢٠١٣م، تاريخ الكرد في العهود الإسلامية، دار أراس، أربيل.
12- الدوري، عبدالعزيز، ١٩٥٠م، النظم الأسلامية، مطبعة نجيب، بغداد.
13- دهمان، محمد أحمد، ١٩٩٠م، معجم الألفاظ التاريخية في العصر المملوكي، دار الفكر المعاصر، بيروت.
14- الرفاعي، انور. ١٩٩٧م، الإسلام فى نضمه الإدارية و السياسية و العلمية و الإجتماعية و الإقتصادية و الفنية، دار الفكر، الرفاعي.
15- زيادة، نقولا، ١٩٦٦م، دمشق في عصر المماليك، مكتبة لبنان، بيروت.
16- شميساني، حسن، ١٩٨٣م، مدينة سنجار من الفتح العربي الإسلامي حتى الفتح العثماني، دار الأفاق الجديدة، بيروت.
17- العاني، خطاب صكار و البرازي، نوري خليل، ١٩٧٩م، جغرافيةالعراق، مطبعة جامعة بغداد، بغداد.
18- الغامدي، سعد بن حذيفة، ١٩٨٣م، سقوط الدولة العباسية و دور الشيعة بين الحقيقة و الإتهام، ط٢، دار بن حذيفة، د/ م.
19- قادر، كامل أسود، ٢٠١٤م، دور الكورد الحضارى في مصر و بلاد الشام خلال عهد دولة المماليك الجراكسة، مطبعة الحاج هاشم، أربيل.
20- لسترنج، كي، ١٩٥٤م، بلدان الخلافة الشرقية، تعريب: بشير فرنسيس و كوركيس عواد، مطبعة الرابطة، بغداد.
21- المدرس، عبدالكريم محمد، ١٩٨٣م، علمائنا في خدمة العلم و الدين، د/ م.
22- المهتدي، عبلة، ٢٠٠٠م، القدس تاريخ و حضارة (٣٠٠٠ق. م- ١٩١٧م)، دار نعمة، بيروت.
23- النقر، محمد حافظ، ٢٠٠٦م، تاريخ بيت المقدس في العصر المملوكي، دار البداية، الاردن.

24- الهسنياني، صالح شيخو رسول، ٢٠١٢م، علماء الكورد و كوردستان، مطبعة هاوار، دهوك.
25- يوسف، عبدالرقيب، د/ ت، الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى، د/ م.

**چوارەم: ژێدەرەكان بە زمانی كوردی:**

1- توفيق، زرار صديق، ٢٠٠٨ز، چەند لێكۆلینەوەیەك دەربارەی مێژووی كورد لە سەدەكانی ناوەڕاستدا، چاپخانەی خانی، دهۆك.

**پێنجەم: بلاوكراوە و گۆڤارەكان:**

1-البيطار، أمنة، ١٩٧٩م، التعليم في دمشق في القرن السادس الهجري، مجلة أداب الرافدين، الموصل.
2-جميل، فؤاد (١٩٦٩م) حدياب ... أربيلا ... وعشتار ... أربيلا، مجلة سومر ، مج٢٥، ج١-٢.
3-شترك، مادة إربل، د/ ت، دائرة المعارف الإسلامية، الشعب، القاهرة.
4- عارف، شوكت محمد و سليم، لولاف مصطفى ، ٢٠٠٩م، بدر الدين يوسف السنجاري (٥٧٨- ٦٦٣هـ/ ١١٨٢-١٢٦٤م) دراسة في دوره السياسي و القضائي، مجلة جامعة دهوك، دهوك.

**شەشەم: نامەی ماستەر و تێزی دكتۆرا:**

1- كاظم، ذكرى محمد، ٢٠٢٠م، هجرة علماء العراق الى مصر و بلاد الشام خلال القرنين السابع و الثامن الهجريين/ الثالث عشر و الرابع عشر الميلاديين، اطروحة دكتوراه، جامعة البصرة، البصرة.
2- حسين، سميرة حسين باپير، ٢٠١٣م،الكرد الگوران و دورهم السياسي و الحضاري بين القرون (٦- ٩هـ/ ١٢-١٥م)، رسالة الماجستير، فاكلتي العلوم الإنسانية، جامعة دهوك، دهوك.